# ئەم دەستوورە لە هیچ جێگەیەکی دنیادا قبوڵ ناکرێت

**بنار مستەفا**

لە دوای مەزهەلەی هەڵبژاردنە بێ وێنەکەی کانونی دووەم و پێکهێنانی حکومەتی بە زۆر دروستکراوی ئیسلامی، عەشیرەتی دەسکەلای ئەمەریکا، هێز و لایەنە سیاسیەکانی حکومەت پاش کێشمەکێش و ململانێ و پاشقول گرتن لە یەکتر و لە ژێر فشاری ئەمەریکادا دەستورێکیان ئامادە کردووە و دەیانەوێت ڕیفراندۆمی لەسەر بکەن و پەنجەمۆری خەڵکی لێبدەن و بەزۆر بەسەریاندا بسەپێنن.

دەستورێک کە بە پێی ڕێکەوتنی نێوان سەرەک عەشیرەتەکان و کوێخاکانی قەوم و مەزهەبە جیاوازەکاندا ئامادەکرابێت، کە خۆشیان دوای ئەو ناکۆکییە بە دوودڵی ڕێککەوتوون، دەبێت چ چاوەڕوانیەکی لێ بکرێت؟ گفتوگۆ و هێنان و بردنی ئەم لایەن و ئەو لایەن و ڕجا و پاڕانەوە لەو لایەن...هتد. بە تەواوەتی دەریخست کە ئەم هێزانە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن دەوڵەت بە ڕێوە بەرن، و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان هەموو مافەکانی خەڵکی پێشێل دەکەن و بۆیان جێگەی بایەخ نییە.

ئەوانەی ئەم دەستوورەیان نووسیوەتەوە پێکهاتوون لە هێزەکانی ئیسلامی سیاسی، کە پێشنیاری قانونی وەک شەریعە دەکەن و هەوڵ دەدەن لە دەستووردا جێگەی بکەنەوە. لە ناسیۆنالیستی کورد کە خواستی خەڵکی کوردستانیان تەواو خستۆتە ژێر پێیانەوە و دەیانەوێت کوردستان بلکێننەوە بە دەوڵەتێکی عەرەبی ئیسلامیەوە. لە عەرەبی شۆڤێنی کە بوونی نەتەوەی تر بە تاوان دەزانن. لە سەرەک عەشیرەتەکان، کە قانونەکانی بەعسیان لا مۆدێرن و شارستانیە. جگە لە چەند لایەن و بزووتنەوەیەکی تری جۆراوجۆر هەتا کۆنە بەعسیەکان. دەبێت ئەم دەستوورە چەنێک لەگەڵ خواستەکانی خەڵکیدا یەکبگرێت، کە ئەمانە دایانڕشتووە؟

دەستورێک کە لەسەر بنەمای ئیسلامەوە پێکهێنرابێت و ئیسلام بە دینی ڕەسمی بناسێنێت، بە مانای بە کەمتر دانانی دینەکانی تر و بێ دینەکان دێت، دوور نییە خوێنیشیان حەڵاڵ بکات. دەستووری ئیسلامی ڕێگە بە هیچ جۆرە ئازادیەک نادات، بە تایبەتی بۆ ژنان، جگە لەوەی لە بەرامبەر پیاودا بە کەمتر دایدەنێت، ژن بە تەواوی لە کۆمەڵگا دوور دەخاتەوە، بەڕاستی دەبێت چ دوارۆژێک چاوەڕوانی ژنان بکات؟ دەستوری ئیسلامی بە مانای کۆتای هێنان بە خۆشی و شادی و ئارەزووەکانی خەڵکی دێت. دوور نییە لە یاساکانی جمهوری ئیسلامی و تالیبان سوود وەرگرن و پەیڕەوی بکەن، کە ریش بە پیاو درێژ بکەن و حیجاب بە زۆر بە بەری ژناندا بکەن، لە هەموو جێگەیەکی کۆمەڵگەدا پیاوان و ژنان جیا دەکاتەوە، چ لە کار و چ لە خوێندن، سەیر نییە تەنانەت لە پاسیشدا جێگەی جیاوازیان بۆ دیاری بکەن.

دەستورێک کە هەر لە قۆناغی سەرەتای خوێندنەوە دینی ئیسلام دەرخواردی منداڵان بدات و بە ترس و تۆقاندن پەروەردەیان بکات. دەبێت چی بەدبەختییەک بە دیاری لەگەڵ خۆی بۆ منداڵان بێنێت؟ دەبێت منداڵان چەندێک لە ساتە خۆشیەکان بەسەر بەرن؟

دەستورێک کە دەوڵەت بە وڵاتێکی عەرەبی لە قەڵەم بدات، ڕاستەوخۆ بەو مانایە دێت کە نەتەوەکانی تر پلە دوون و بە مانای پێشێلکردنی مافەکانی ئەو کەسانە دێت کە عەرەب نین. دەسەڵاتی بەعسی فاشی لە جیاتی هەموو نمونەیەک دەدوێت: ئەگەر دەوڵەت دەستووری قەومپەرستی پەیڕەوبکات چ کابوسێک کۆمەڵگە دادەگرێت.

لەبەر ئەوەی ئەم دەستوورە کۆنەپەرستە لە خزمەتی ئیسلامی سیاسیدایە، مافەکانی خەڵکی پێشێل دەکات، بە توندی سنوور بۆ ئازادی دادەنێت، لە دژی ژناندا دەوەستێتەوە، مەترسی و دڵەڕاوکێ دەخاتە دڵی ئەو کەسانەی سەر بە دین و نەتەوەی سەرەکی نین، هەڕەشە لە کۆمەڵگە دەکات 1400 ساڵ بەرەو دواوەی بەرێت...هتد. لە هیچ جێگەیەکی دنیادا دەستوورێک جێگەی قبوڵ نییە کە بەو شێوەیە و ئەو کەسانە دایانڕشتووە، کە ناوەڕۆکەکەی هەر هەڕەشەیە. گەلی عێراقیش لە هیچ گەلێکی تری ئەم دنیایە کەمتر نییە، بۆیە پێویستە بە توندی دژی ئەم دەستوورە بوەستنەوە و ڕیسوای بکەن. بە تایبەت کە لە وڵاتەکەیاندا ئاو و کارەبا و دەرمان و خزمەتگوزاری تێدا نییە، ئارامی و ئاسایشی تێدا نییە، نوقمی تیرۆر و کۆمەڵکوژی بووە،

**لەم هەلومەرجەدا ئامادەکردنی دەستوور، بە تایبەتی لەو جۆرە دەستوورانە تەنها بە کەڵکی ڕیسواکردن دێن. هێزی جەماوەر بەهێزترین هێزە کە دەتوانێت ئەم پیلانە پوچەڵ بکاتەوەو شکست بە پیلانگێڕانی بهێنێت و دوارۆژێکی باشتر بۆخۆیان دیاریبکەن.**

12.9.2005

bnarmustafaahoo.co.uk